سەماحەتی حەکیم .. قۆناغی سەقامگیری پێویستە سوود لە ئەزموونەکانی پێشوو وەربگرێت بە مەرجێك لەگەڵ سروشت و شارستانیەت و کەلتووری عێراق بگونجێت

2024
ملتقى قيادات
المراكز البحثية في العراق
2024
ammaralhakeem.com

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە کۆمەڵێك سەرکردەی سەنتەرەکانی توێژینەوە لە عێراق ، لەم دیدارە سەماحەتی دوای بیستنی باسە گرنگەکانیان دووپاتی کردەوە کە ئەو سەنتەرانە رۆڵی گەورەیان لە بنیاتنانی دەوڵەتی عیراقی هەیە، ئاماژەشی بەو ڕکابەرییانە کرد کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، گوتیشی ئێستا لە دەمی شووشەکە هاتینە دەرەوە و لە سەقامگیری نزیکین.

سەماحەتی ڕوونی کردەوەش کە ئەو قۆناغەی سەقامگیری پێویستی بەوەیە سوود لە ئەزموونی دیکە وەربگیرێت بەمەرجێك لەگەڵ سروشتی عێراق و شارستانیەت و مێژوو و کەلتووری بگونجێت، ڕوونیشی کردەوە کە سەامگیری دەبێتە هۆکار بۆ گەورە بوونی سەنتەرەکانی توێژینەوەو ڕۆڵیان.

سەماحەتی جەختی لەوە کردەوە کە لەبەرچاو نەگرتنی بەرهەمەکانی سەنتەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ زەحمەتی قەناعەت پێکردنی بڕیاردەر بە بەهای ئەم بەرهەمانە و کاریگەرییان و بەرپرسیار بوون لە سەنتەرەکانی توێژینەوە بە یەکخستنی ناوخۆیی و پەیوەندی نێوانیان.

جەنابی ئاماژەی بەوەدا کە جیاوازی لەنێوان سەربەخۆیی ناوەند و بێلایەنییەکەیدا هەیە، داوای دەستپێشخەری و پێشکەشکردنی بیرۆکەی پراکتیکی و واقیعی و بەدەستهێنانی متمانە بەوانە کرد کە توانای دەستنیشانکردنی کێشەکە و دۆزینەوەی چارەسەریان هەیە، ڕوونیشیکردەوە کە کێشەی ڕوون هەن کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە بۆ نموونە قەیرانی کارەبا لە بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و هەروەها قەیرانی کۆمەلایەتی لەوانە جیابوونەوە و لێرەدا ڕۆڵی دەزگاکانی توێژینەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر دێت.

بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر جیاکردنەوەی توێژینەوە و دەزگاکانی بیرکردنەوە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە خودی پۆلێنکردنی ناوەندەکان پێویستی بە توێژینەوە هەیە کە نۆرماتیڤ و خاڵی پەیوەست دیاری بکات و پێویستە توێژینەوەکان وەک هەر کاڵایەک بەبازاڕ بکرێن.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە توێژینەوەی زانستی پێویستە بە ڕیزبەندی زانستی و سەماحەتی داوای کرد بایەخ بە بابەتی زیرەکی دەستکرد بدرێت و لە رۆشەنبیری و مێژوو و بۆچوونەکانیان، داواشی کرد بۆدجەی زیاتر بۆ توێژینەوە زانستییەکان و جەختی لەسەر گرنگی سەرژمێری دانیشتوان و رۆلی لە پڕۆسەی گەشەپێدان کرد، داواشی کرد خەڵکی بەو شتە و گرنگییەکەی بناسێنرێت.